ژیان له ڕێی چیرۆکەوە

# دێوانه

شێخ محەمەد باڵەک
(قەسرێ - گوندی وەڵزێ)



(١)

کۆتایی مانگی چوار بوو، شەوەکەی تا بەیانی باران باری، شەڕە برووسک بوو، شەوێکی، هێشتا سێرە نەبووبووەوە کە ڕاوکەر وەئاگاهات، باران هەڵی برینگاندبوو، تاقولۆق ئەستێرە دیاربوون، هەور خەریکی ڕەوینەوە بوو، لەم دەمەی بەهاردا، نێرەکەوی چۆڵی لە شەڕ تەمبەڵ و وەڕز دەبن و کەم وایە بێنە سەر بنەکەو، ڕاوکەران بەم حاڵەتە دەڵێن شیرنە ماکەو، بەو مانایەی نێرەکەو، ماکەوە خێزانەکەی خۆی لەلا شیرین دەبێ و دڵی نایێ بە جێی بێڵێ و بچێتە شەڕگە، بەڵام ڕاوکەری شارەزا و بە ئەزموون بە تاقیکردنەوە دەزانێ لەو دەمانەدا کە باران باری و سەرمای ناوەخت داهات، نێرەکەو ئارەزووی جووت بوونی کەم دەبێتەوە و دووبارە هەستی هێرش و جەنگی لێ پەیدا دەبێتەوە، بەمەش دەڵێن نوێبوونەوە.

ڕاوکەر، تا وەخۆکەت و وەڕێ کەوت، سێرە بووەوە و سەو و گورگی بەیانی داهات، تەواوێک لە دێ وەدوور کەوتبوو تا دنیا بە تەواوی ڕووناک داهات، بەهار دەتگوت جۆرە بەرگێکی تری ناو پاکەتی دەبەر کردووە، هەر دیمەنێکی دەگەیشتییە ناوی، پێی ڕۆیشتنت نەبوون بە جێی بێڵی و هەر دەتگوت موگناتیزە پێی مرۆی دەگرێ، کلۆک بەهارە تەواو پشکووتووەکان کارەساتێکیان بەرپا کردبوو، وەگوڵان نەدەچوون، دەتگوت بە ملیاران ملیار کچ سەریان وەدەر ناوە و زاریان ڕووەو ئاسمان ڕاگرتووە و قاقا پێ دەکەنن، چاوبڕکێ دەگەڵ ڕێبواران دەکەن، خونچە نیمچە پشکووتووەکان، وەکچی شەرمێن دەچوون کە ئارەزووی زەردەکەنی و چاو بازیان هەبێ و وەدەری نەبڕن، یان بە درۆ خۆیان وا ڕابنوێنن کە شەرمنن، چرا کارەبای زنگڵاوی دڵۆپە باران کە هێشتان بەسەر پەلووکەی دارانەوە مابوون، گیانی ئەدیسۆنیان هەڵدەکۆڵی.

گەیشتە ناو کەویە بەفران، لەوێ گوڵ و گیا تازە خەریکبوون خۆڵیان لەسەر سەری خۆ وەلا دەبرد و لاچاوێکیان

وەدەردەخست، ئەو دیمەنە دەتگوت شاری ئیسلامییانە و نابێ کەس پرچی دیاربێ، تا نیوەڕۆ لەو کوێستانە ڕاوی کرد، ڕاوەکەی خۆش و بە بەرهەم بوو، لەو دەمەدا چەند پەڵەهەورێک پەیدابوون، شەماڵیشیان گەیشتە لاو وردە وردە بەرەو باکوور پاڵی پێوە دەنان، هەورەکان خۆیان لێکداوەو دەستیان بە باران بارین کرد، بارانێکی نمنمە و تەنک، بۆ هێوارە هاتە ناو لێڕی دامەنی چیا، لەوێ بنەکەوێکی دانا و چوو بۆ ناو حەشارگە، خوێندن و خوڕەی کەوان دەستی پێ کرد، چەند جووتە کەوێک بە باڵ هاتنە دەورەی بنەکەو، کە هەڵنیشتن، دەسبەجێ و هەر لە جێ دەستیان بە جغە جغ کرد، ڕاوکەر لە مەبەستی هەموو جۆرە دەنگێکی کەوان تێ دەگات، ئەم جۆرە دەنگەی جغە جغە هی ئەوەیە کە کەو لەو دەوروبەرە هەست بە هەبوونی شتێکی نامۆ دەکا و دەترسێ، کەوەکان لە جێی خۆیان ڕاوەستابوون و لەسەر جغە جغ بەردەوام بوون، تا دەهات ئەو جۆرە دەنگەیان بەرزتر دەبوو، ئیدی لە پڕ لە شەققەی باڵیان دا و دەستیان بە فجەجوو فجەجوو کرد و هەڵفڕین، ڕاوکەر چوو داوەکانی هەڵگرتنەوە و کەوی ڕاویی لەناو بنەکەو دەرهێنان، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت بەسەر شتێکی سامناک هەڵبوو، دیتی لەناو کلۆرە دارێکی یەکجار گەورەی بن کلۆردا، بوونەوەرێک مت بووە و دەموچاوی لە هی مرۆڤ دەچێ، بەڵێ پیاوێکی ڕوومەت داقۆپاوی ڕیش و پرچ درێژی دانوماش کە مووی سپی لە هی ڕەش پتربوون، دەناو ئەو کلۆرە دارەدا خۆی ڕێک هەڵێنابوو، هیچ ناڕحەتی و شێواویەکیشی بە دەم و چاوانەوە دیارنەبوو و دڵخۆش دیاربوو.

* ماندوو نەبی بنیادەم، ئەوە چ خێرتە ؟ زەندەقی من و کەوەکانت برد.

– خێر دەبێ بە ئیزنێ خوای.

لەناو کلۆرەدار هاتەدەرێ و تۆقە و چاکوچۆنییەکی گەرموگوڕی دەگەڵ ڕاوکەر کرد و قیت ڕاوەستا، بە کەلەشەکەیەوە دیاربوو کە مرۆڤێکی بەژن و باڵا ڕێک و بە هێز و تین بووە.

* دەی بفەرموو مام دەروێش، دەکرێ بزانم تەشریفت بۆ لێرەیە ؟

– با گیرت نەکەم و تەڕ نەبی، تا ئێستا هەورەکان سپی و تەنک بوون، خەریکە وردە وردە هەوری ڕەش کۆدەبنەوە و دڵێی بە تەمای ڕێژنەیەکی توند و بێ ئامانە.

* پەلەم نییە، باران گیرێکم پێیە و هەر کاتێک تەنگاوبووم دەبەری دەکەم، سارد و گەرمێکم پێیە، چای گەرمی تێدایە، ئاگرێک دەکەینەوە، خۆمان گەرم دەکەینەوە، چایەکیش دەخۆینەوە.

ڕاوکەر چوو هەندێک چڵووی وشکی لەناو دێوە چلۆێک کە لەو نزیکانە بوو دەرکێشا و ئاگری کردەوە، بە هەردووکیان داریان وەسەرگێڕان، ئاگر خۆش بوو و کلپەی سەند، سارد و گەرمەکەی لەناو تۆربە دەرهێنا، دوو چای تێکردن، چایەکە هێشتان هەر گەرم بوو، بۆ مام دەروێشی دە کوپە بە دەسکەکە کرد و بۆ خۆیشی دە سەرکی سارد و گەرمەکەی کرد، قەندی کوردیشی پێ بوو، گوێز و مێوژیشی دەرهێنان.

* دەی دێوانە گیان، ئەگەر پێت ناخۆش نییە باسی بکەی، با بزانم بۆ لێرەی، بەڵکو بتوانم خزمەتێکت بکەم.

– خزمەت لە منەوە، کوڕە هەقایەتەکەی دوور و بەردرێژە، دەترسێم درەنگت لێ دابێ.

* قەت درەنگ لەمن دانایێ، هەر کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ، کات هەر کاتی خوایە.

– کەواتە تۆش نیمچە دێوانەیەکی.

* بەڵێ.

– قوربان بۆت دەگێڕمەوە، دڵت نایەشێنم، ئەگەر سەرت نەیەشێنم، بە کورتی: من هەر لە منداڵییەوە شێت و شەیدای ناو قەڵەباڵغی و حەشاماتی خەڵک بووم، تەنانەت نان و چاشم بە تەنیا بۆ نەدەخورا، شێت و شەیدای شایی و گۆرانی بووم و لە هەر کوێیەک دەنگی دەهۆڵ و زورنا هاتبا، خۆم دەگەیاندێ، ئەگەر بە شوێنێکدا تێپەڕیبام و گوێم لە دەنگی دەنگ خۆشێک بووایە، هەموو ئیشوکارەکانی خۆم ڕادەگرتن، ڕادەوەستام و گوێم لە گۆرانییەکانی ڕادەگرت و پێی ڕۆیشتنم نەبوون، بە کورتی ئەهلی دڵ بووم، لە تەمەنی منداڵیمدا هیچ کەموکوورییەکی ماڵیمان نەبوو، تەمەنی گەنجیشم بەخۆشی بەسەر برد، «هەقایەتان ساڵ و مانگ تێدانین»، ساڵ و زەمانیش لەسەر من و تۆ ڕاناوەستن، ساڵ هاتن و مانگ تێپەڕین، منیش وەناو ساڵان کەوتم، پیری بە پیلمەوە هات، دڵم بۆ وەرگرتنی تەریقەت و دێوانەیی چوو، تەریقەتم وەرگرت و دەف و داروەکانم دەستدانێ و وەگەڵ ڕەوەی دێوانان کەوتم، کاکە بێجگە لەلایەنە ئایینییەکەی، ئەو بەزمە لە بەزمی دیلان و زەماوەند و ناو کۆڕی گەنجان زۆر خۆشتر بوو، دەنگەکەشم لەبار بوو،

زۆر گۆرانی دەروێشیم لەبەرکردن و بەدەم تەهلیل و دەف لێدانەوە دەمگوتنەوە، سەرت نەیەشێنم، ڕۆژێکیان بۆ نوێژی هەینی چوومە مزگەوت، ئیمامی مێردمنداڵ وەسەر مینبەر کەوت، بەبێ پێشەکی و سەری قسە داهێنان هەڵیدایێ و گوتی:

ئەی موسڵمانینە خوا فەرموویەتی (فەرمانبەری خوا و پێغەمبەرەکەی و فەرمانڕەوایەکەتان بن.) هەر کەسێک بەربەرەکانێی دەوڵەتانی فەرمانڕەوای موسڵمانان بکا، ئەوە بەربەرەکانێی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکا- دروودی خوای لەسەربێ، جا ئەو بەربەرکانێیە چ بەناوی نیشتیمانپەروەری بێ و چ بەناوی نەتەوایەتی بێ، خوای گەورە یەک نیشتیمانی دروست کردووە، ئەویش ئەم جیهانەیە کە هەموو مرۆڤایەتی لەسەری دەژی، دوو نەتەوەشی خوڵقاندوون، یەکیان ئۆممەتی محەمەدە - دروودی خوای لەسەربێ، ئەوی تریشیان قەومی کافرانە، نیشتیمانپەروەری، واتا بتپەرستی، نەتەوەپەروەری واتا شەیتان پەرستی، بتپەرست و شەیتان پەرست وەک ئاوی کانیاوی بن ئەو شاخ و کێوانە خوێنیان حەڵاڵە.

ئیمام دەستی ڕادەوەشاندن، مستی خڕ دەکرد، چاوی هەڵدەسووراندن، بڕۆی هەڵداویتن، پێی دە حەردی دەکوتان، دەیهاڕاند، دەتگوت شوانە بزنی دەناو ڕازە شاخێدا لێ حاسێ بوون و دەو دەمیشدا زەردەواڵەی لێ هالاون، بەخۆم گوت: دەی خۆ ئەگەر بەم گوێرە بێ خوێنی منیش حەڵاڵە، لە جێی خۆم هەستام و بەبێ هەستی لە مزگەوت وەدەرکەوتم، بە دوای شوێنێکدا دەگەڕام بچم نوێژەکەمی لێ بکەم، بەتاڵاییەکم دی گیای لێ ڕووا بوو، هەندێک درەختیشی لە چوار دەورە چەقابوون، گوتم دەچم نوێژەکەم لەوێ دەکەم، کە چووم پشیلەیەکی لێ تۆپیبوو و کرمی کەوتبوونێ، کرمی سپی وەک مەڕەگەلی مەنتک و مام سالان بە حاردی وەربووبوون و بۆگەنی هەوای ئەو ناوەی داپۆشیبوو، ئیدی هەر شوێنێکی بۆی دەچووم، یان مریشکی مرداربووی فڕێ دراوی لێ بوو، یان دەرپێ لایلۆنی پیسایی منداڵان، یان جۆرکە لایلۆن و مقەبا و بەرگی کەلوپەلی ماڵان، نوێژەکەم زۆر درەنگ کەوت، تەنگاو بووم، گەڕان و سووڕانیش ماندووی کردبووم، لە ئەنجامدا نیمچە حەسارێکم وەبەر چاوان کەوت، چۆڵوهۆڵ دیاربوو، دڵم خۆش بوو گوتم دەچم نوێژەکەم لەوێ دەکەم، لەسەر خۆڵیش بێ لە ناچاری، خوا وەری دەگرێ، کە چووم شوێنەکە مەزرایەک بوو بۆ خۆی، چوار لای کۆشک و تەلار بوون و لایەکی بەتاڵایی بوو، لەولا قەڵاتێک ڕایەخ و کورسی و قەنەفە و کەوەنتەر و چەندان جۆرە شتی تری مۆدێل نەماو فڕێ درابوون، لەلایەکی ترەوە بە قەد گردۆکەیەک بەرماوی ماڵان لەسەر یەک ڕۆکرا بوو، ئەگەر ئەو گۆشت و ئازووقەیەی کرابوو بە بەرماو، بە ساغی درابایە ماڵە هەژاران، بەشی دوو سەد ماڵی دەکرد، ئەو کرمانەی کەلاکی پشیلە تۆپیوەکە دروستی کردبوون، لەچاو مێگەلی کرمەکانی ئێرە، هەر سێ چوار کرمێک دەبوون، لەو مەزرایە پانوپۆڕەدا جێی بستێک نەمابوو کرمی لێ نەجوولێنەوە، لەو دەمەدا «با»شی نەدەهات، بۆگەنییەکەی داوەستابوو، دەی خوایە ئەگەر شوێنێک دەست نەکەوێ لەسەر زەوییەکەی تۆ من نوێژی تێدا بکەم، من چ تاوانێکم هەیە! ملم پێوەنا و ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتم، لەپڕ بۆنێکم بۆ هات، بۆگەنی ئاسایی نەبوو، دەستم بە هەڵێنجان کرد، ڕشامەوە، سەرم سووڕا، چاوم دەرپەڕین، وەک ڕێژنەی ئەم بەهارە ئاوم بە چاواندا دەهاتە خوارێ، کە نەختێک هاتمەوە سەرەخۆ، دەبینم لەبەر دەمم زێرابی ئاودەستان تەقیوە و پیسایی پانایییەکی زۆری ئەو ناوەی داپۆشیوە و وەک گۆم داوەستاوە، هەرچۆنێکی هەبوو لەوێ هەڵاتم و تەکسییەکم ڕاگرت،- بۆ کوێ دەچی کاکە؟ گوتم بۆ ڕۆخی شار، کامە ڕۆخ؟ بەرەو باکوور بڕۆ و هەقت نەبێ، گەیشتینە ڕۆخی شار! چ ڕۆخ نەمابوون، تا چاو بڕ دەکا هەمووی بە تێلبەند پەرژین کرابوو، ڕێی کەروباریش نەمابوو پێیدا بڕوا، لە ناوەڕاستی هەر مەزرایەکی تێلبەند کراودا، تەلارێکی ڕازاوە دروست کرابوو، هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ چۆن چۆنی بوو، لە دواییدا گەیشتینە کەلێنێک بەڕووی شەقامەڕێدا، پەرژین نەکرابوو، سەد مەترێک لە هەورازی ئەوێ، خانوویەکی گەورەی خۆشی لێ بوو، بە دامودەزگای حکوومەتی تێگەیشتم، دە دڵی خۆمدا گوتم کە نوێژی نیوەڕۆشم چوو، دەچم لە دەرەوەی دیواری حەوشەکەی، نوێژی هێوارێم دەکەم، کە چووم چ بچم! دەرگای دەروازەی حەوشە کرابووەوە، ناو حەوشە و داڵانەکانی خانوو هەمووی دەجوولایەوە لە ژنی ڕووت و قووت، یەکێکیان بانگی کرد بەرەکەتت بە زیاد بێ مام دەروێش، دەوەرە پیرۆزمان کە، دەستی بۆ ناو گەڵی برد و گوتی هەزار کارت بۆ دنیا کردووە، دەی کارێکیش بۆ قیامەت بکە، هەر ئەوەندەم بۆ کرا دەستم بە چاوەکانمەوە ناو لە هاوارم دا، وەرسووڕامەوە و ڕامکرد، لە دوامەوە گوێم لە دەنگی قاقای پێکەنینی بە کۆمەڵ بوو، دەنگیان دەگەیشتە سەر شەقامە ڕێیەکە، لەوێ تێپەڕیم، کۆشک و

سەراپەردەیەکم لێوە دەرکەوت، جان و ڕەخی تەلارەکە تا چاو بڕ دەکا چیمەنێکی بە شوورە دەورەدراو بوو، دەرەوەی شوورەکەش گەڕانگەڕ ڕووبەرێکی زۆر کرابوو بە چیمەن و گوڵ و درەخت و ڕووەکی جوانی، ترومبێلی جام ڕەش و سەیر و نایاب بەشێکی زۆری ڕووبەری ناو شوورەکەیان داگرتبوو، چەند کۆپتەرێکی قەبارە جیاوازیش لەوێ نیشتبوونەوە، گەڕانگەڕی شوورەکە و لە دوور و نزیکی، سەربازی چەک لەناودەستدا ڕاوەستابوون، لە پڕ گەیشتمە بەردەمی پاسەوانێک کە لە جێی خۆی نەدەبزووت، لەولاتر کۆمەڵە پاسەوانێک بە ڕاکردن هاتن بەپەلە و خێراییی هەموو لەشیان پشکنیم، یەکیان بە تووڕەییەوە گوتی چی دەکەی لێرە ؟ گوتم وەڵڵا بە ڕێککەوت ڕێم کەوتە ئەم ناوە و ئێرەم پێ پاک و خاوێن بوو، ویستم بێم نوێژکەم لەسەر ئەم چیمەنە بکەم، گوتی بە کوێدا هاتی؟ گوتم بەم ڕێیەدا، گوتی بە ڕێی خۆتدا بگەڕێوە، گوتم بەسەرچاوان، ئەوان چۆن بەپەلە هەڵیان کوتا سەرم، ئاواش بەپەلە گەڕانەوە شوێنی خۆیان، پاسەوانە جێگیرەکە کە وەک سینگ چەقی بوو و نەدەبزووت، گوتی مام دەروێش هاتووی لە شوێنێکی زۆر پیرۆز نوێژەکەت بکەی ! ئەم کۆشک و سەراپەردەیە دەبینی؟ باشترین کاری کە تێیدا دەکرێ قومار و لەشفرۆشی و هاوڕەگەزبازییە، من چاوەڕێی ئیجازە دەکەم بچمەوە ماڵێ و جارێکی تر نایەمەوە ئێرە.

منیش وەرسووڕامەوە ئەوێم بەجێ هێشت، لە نێوان دوو بەشی گۆڕاییەکی تێلبەند کراودا ڕێیەک هەبوو بەرەو دەشت دەچوو، بەو ڕێیەدا ڕۆیشتم، کە لە پەرژینەکان تێپەڕیم، گەیشتمە دەشتێکی ئازاد، پانایی ئەو دەشتە کەر دایپۆشیبوو، یەکەم جارم بوو کەرگەلی بەم زۆرییەم دەدیتن، کەرەکان ئەوانەی لە تەمەنی جاشکایەتی تێپەڕیبوون و پشت کرابوون، شوێنەواری برینی کەژوو و پاڵوو گوریس و کورتانیان هێشتان هەر پێوە دیاربوو، جێ برینەکان چاک بووبوونەوە و تاق و لۆق موویان لێ هاتبوونەوە، ئەوەی جێی سەرنجم بوو ئەو کەرانە لە وێڵ و نەریتی کەرایەتی لایان دابوو، زۆر هەڵسوکەوتیان وەئی کەری جاران نەدەچوون، لە هەندێک کردەوان لە جاران کەرتربوون، کەری جاران کە هەستیان بە دیاردەیەکی تازە کردبا وەک خۆشی، یان ترس، یان جەنگ، دەیانزۆڕاند، یان جاران کە نێرەکەر ویستبای لەگەڵ ماکەر جووت بێ، ماکەرەکە ماوەیەکی زۆر هەڵدەهات و نێرەکەرەکە بە دوایەوە بوو، بەڵام ئەمانە نێرەکەر هەر بەبێ هەستی سواری ماکەر دەبوو و ماکەر هەر خۆی نەدەبزاوت، وەک بڵێی مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە نییە.

هەر چۆنێک بێ، دە دڵی خۆمدا گوتم کەر ئەوەیان باشە خۆیان وە کاروباری خەڵکی هەڵنادەن، تەیەمومێکم کرد و شوێنێکم لە تەرسی کەران خاوێن کردەوە و دامبەستە نوێژێ، بەڵام ئەمەش وا دەرنەچوو، کۆمەڵێک جاشکۆڵەی نێر و جاشکە ماکەر هاتن لە چوار دەورەی من دەستیان کرد بە هەڵپەڕین و ڕمبازی و سێ پلەقانێ، لە تۆز و خۆڵدا بزربووم، بەخۆشم نەمدەزانی چیم دەگوت و چیم دەکرد، بەهەرحاڵ سەلامم دایەوە، بێ ئامانج و لە ڕەشدا ملی دەشتم گرت و خۆشم نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچم، گوێیەکانم بە ئەنگوستان ئاخنیبوون و هەموو ئامانجم ئەوەبوو لەو زۆرە زۆڕ و جەنگی مەغلووبەی کەران ڕزگارم بێ.

بەسەر مەیدانێک هەڵبووم، مەیدانی بەشەڕهێنانی ئاژەڵان بوو لە گرۆ، ئەو دوو پێیانەی ئەو کارانەیان بەو ئاژەڵە بەستەزمانانە دەکرد، هەموویان خوێندەواری بەرز بوون، ئەو باڵندە و ئاژەڵە چوار پێیانە یەکتریان لە خوێندا سوور دەکرد و هەبوو هەناسەی لەبەر دەبڕاو دەمرد، کەو دەگەڵ کەو، کەڵەشێر دەگەڵ کەڵەشێر، گا دەگەڵ گا، کەڵ دەگەڵ کەڵ، تەنانەت کۆتربشیان فێری جەنگ و دڕەندەیی کردبوون، چەند ڕەوەدە سەگێکی بێ خاوەن لە دەوران دەوری مەیدانەکە بوون، دووراو دوور بە یەکتری دەوەڕین، دیار نەبوو کام ڕەوەدە بە کام ڕەوەدە دەوەڕێ، هەر ڕەوەدەیەی لە ڕاستی خوێرا دەوەڕی و لووتیان دە عاسمانێ هەڵکردبوو، هەر ڕەوەدەیەی لە هەموو تەمەنە جۆراوجۆرەکانیان دەگەڵدا بوون، هەر لە گجوولەی تازە بوویی بگرە تا دەگاتە پیرە سەگی دەنگ نووساوی ددان هەڵوەریو، پیرە سەگەکان تووکی ساڵی ڕابوردوویان وەک لباد لێک نووسابوون، تووکی نوێیان لێهاتبووەوە و خەریک بوون تووکە کۆنەکەیان هەڵدەوەراند و خۆیان نوێ دەکردەوە، ئەو ڕەوەدە سەگانە هەر ڕەوەدەیەی شێوە و ڕەنگی تایبەت بەخۆیان هەبوو، وەک بڵێی لە مێژبوو ئەندامانی هەر ڕەوەدەیەی تەنیا هەر لەناو خۆیاندا (پێکوەبوون) و زاوزێیان کردبوو، دەستەیەکیش لە دوو پێیەکان خەریکی تێکبەردانی ئەو چوار پێیانە بوون، - ببوورە کاکی ڕاوکەر ئەگەر قسەکەم قورس و لە ملان گران بێ بەلاتەوە - ئەو دوو پێیانە هەرچی خواردنی نایاب و نەدیتراو و نەزانراوە بۆ ئەو

چوار پێیانەیان هێنابوو، تەنانەت ماڵ و منداڵی خۆشیان ئەو جۆرە گۆشت و خواردنە خۆشانەیان نەخواردبوون، ئەو دەستەیە زۆر ماندوو بوو تا ڕەوەدەکانی لە یەکتری نزیک کردنەوە و خواردنیان هەڵدانە پێشێ و پەلاماری یەکتریان دا و بەناو یەک وەربوون، قوڕگی یەکتریان گرتبوو، یەکتریان قوڕاوی کرد، دیمەنێکی سامناک دروست بوو، خوێن و قوڕ تێکەڵ بوون، حاڵەتی وا دروست بوو، بەسێ چوار سەگ یەکێکیان دەگرت و دەیان خنکاند، هیچم لەدەست نەدەهات، گریانێکی بە کوڵ گرتمی، ئەوەی زۆر بەلامەوە نائاسایی بوو، خووی مەیموونان بوو، لاسایی هەموو شتێکیان دەکردەوە، لە مەیدانی بەشەڕهێنانی ئاژەڵان، لاسایی پێکەنینیان، لاسایی چاویلکە و ئەستوپێنە(بۆینباغ)، سەرهەڵتەکاندن و بنێشت جوون و زار بزاوتن و...

تاریک داهات، بابۆڵە فرۆشێک کە بابۆڵەی ساندەویچی دەفرۆشتن، لەوێ نوانێکی بەدار و تەنەکە و موقەبا و نایلۆن دروست کردبوو، چەندان جۆرە کەرەستەی تێدا بەکارهێنابوو، بابۆڵەیەکم لێ کڕی و پرسم پێ کرد کە ئەو شەوە لەبن نوانەکەی ئەودا بمێنمەوە، کرێشی بدەمێ، گوتی هیچم ناوێ- ماڵی ئاوابێ-، هەر ئەو شەوە بڕیارم دا بێمە ناو ئەم لێڕەوارە، هەرچۆنێک بوو بەیانی داهات و ئەو شەوەشم لێ بوو بە ڕۆژ.

* دەی باشە، بۆچی لەناو ئەم کلۆرەدارەدای و چۆن دەژی و لە کوێی؟

– لەو پشتەوەیە لە ئەشکەوتێکدا دەژیام، بەم دواییە ئەشکەوتەکە زایەوە، تەڕبوو و هیچ شوێنێکی وشکی نەما، ئەشکەوتێکی تر لەم خوارە هەیە و گواستمەوە بۆ ئەوێ، کەروێشکێکی کێوی بریندارم دی، لاقێکی دواوەی لە دوای خۆی ڕادەکێشا، ویستم بیگرم و برینەکەی بۆ بپێچمەوە، لێرە لێم ون بوو، چەندی گەڕام نەمدۆزییەوە، لەو دەمەشدا کردیە باران و گوتم با خۆم تەڕ نەکەم، هاتمە ناو ئەم کلۆرە دارە، خۆت دەزانی بارانی بەهار وەک دڵۆپە وایە لە پڕ دێ و زۆری پێ ناچێ هەڵیدەبرینگێنێ و دەیکاتەوە ساماڵ.

* ئەدی ژیان و گوزەران و خواردن و نووستن ؟

– ژیانێکی بێ خەمم هەیە، دار و ئاوردوێکی زۆری لێیە، هێوارە کۆڵێکی گەورە لەسەر ئاگرەکە دادەنێم و تا بەیانی دەسووتێ و ئەشکەوتەکە سوور دەکاتەوە، خوا نیعمەتی زۆری داوە، چاڵە بروێکم هەیە، هەرزاڵەیەکی گەورەی گوێز و هەرمێ کێویلەم هەبوون تا ئەم دواییانە مابوون، چەندان جۆر گیای وشک کراوەی خواردنم هەیە، قەزوان و چوالەم هەن، نیو فەردە ئاردم هەیە، تەوسکە و سێو و حەلووکە و مێوژ و هەنار و گوێزی خۆڕسک لەو دۆڵانە ڕوواون و بەرەکەیان لێ دەکەمەوە.

* ئەدی کاتت چۆن بەسەر دەبەی و چۆن لەم تەنیاییە وەڕز نابی؟

– کاتم بەش ناکا، شەوەکەی تا درەنگانێک بە نوێژ و نزا و خواپەرستی دەبەمە سەر، پێش خەوتن بووەتە پیشەم ئاوازی (هاواربەر) بە شمشاڵەکەم لێ دەدەم و خەوم بەسەر چاواندا دێ، دەبۆرژێم و لێی دەخەوم، بەیانیش کە هەستام، دوای نوێژی بەیانی دەست دەکەم بە دەف و سەڵاوات لێدان، ڕۆژەکەشیان دار کۆکردنەوە و کێشانەوەیە، یان بەناو ئەو ئەشکێڕ و چەقەڵانەدا دەگەڕێم بەدەم دەف لێدان و گۆرانیی گوتنەوە، جار جارەش گوێ لە دەنگی بلبل و سمۆرە و باڵدارە دەنگ خۆشەکان ڕادەگرم، سێرووی ڕەشی تاری دەمدووک زەرد هەر لە دەنگەکەی تێر نابم، دەڵێی عەزیزی شارۆخییە تێی هەڵدەکا، بە شەویش دەنگی چەقەڵ و ڕێوی و کوند ئەم ناوە ئاوەدان دەکەنەوە، خوێندنی کوند وەک لاوانەوەیەکی غەمناک وایە.

* ئەدی بیری ئاوەدانی و ناوماڵی گەرموگوڕ ناکەی؟

– کاتێک کە دیمەنی سمێڵی تراشراو و ڕدێنی درێژ و پانتۆڵی کورتی ئیمامی نوێژی هەینی و زێرابی تەقیو و کۆپتەر و جام ڕەش و شەڕە سەگ و زڕەکەر و خراپخانەم دێنەوە بیر، ئەم لێڕەوارەم لەلا دەبێتە باغی بەهەشت و ئەم گوێز و بەڕووانەم لەلا دەبنە میوەی ئەو باغە.

* دەی باشە، چیت پێویستە دێوانە گیان؟ لەمەودوا سەرت لێ نابڕم و تا بێرەدا بێم سەرت لێ دەدەم.

– تەنیا خۆشی و سەلامەتی تۆم پێویستە، هەرچی بیهێنی پێتدا دەنێرمەوە، ئەگەر دەتەوێ ببینە برادەر، هیچ لەگەڵ خۆت مەهێنە.

ڕاوکەر کەوێکی کوژراوی دەرهێنا بۆ دێوانەی بەجێ بێڵێ.

– کاکە من گۆشتی هاودەنگەکەی خۆم ناخۆم، گیانلەبەری ئەم شاخ و کێوانە هەموویان هاودەنگ و هاوڕێ و هاوسێی منن.

* ئەدی ئەو هاردەت لە کوێ هێنا کە دەڵێی هەمە؟

– دوو دێوانەی برادەرم لە ئاوەدانییەکانی ئەم دۆڵانەدا دەژین، ئەوان ژن و منداڵیان دەگەڵدایە، من دەچم لە ئیشوکار یارمەتییان دەدەم، ئەوانیش ئەگەر پێویستییەکم

هەبێ بۆم جێبەجێ دەکەن، ئەوان لە شار ڕایان کردووە، هەر یەکەی بە بۆنەی سەربردەیەکەوە.

* سەربردەی ئەوان چییە؟

– من پێت ناڵێم ئەگەر لە خۆیان بپرسی، بۆت دەگێڕنەوە.

* لەچ دێیەک دادەنیشن؟

– ئەوەشت پێ ناڵێم.

ڕاوکەر هەستا و تۆقەی دەگەڵ دێوانە کرد.

* دەی چاکە، دێوانە گیان، جارێ بە دوعا.

– خوات دەگەڵبێ هاودەنگی خۆشەویستم.

(٢)

ڕاوکەر بە وێڵی خۆی مەلابانگدان لە خەو هەستا، هێسترەکەی کورتان کرد و خورجێنەیەکی پڕ لە دیاری تێدا هێنا، دیارییەکان بریتی بوون لە قەند و چاو خواردنی جۆراوجۆری ناو پاکەت و پێڵاو و یاری منداڵان، بۆ خۆشی لەسەر نیمچە بارەکە سوار بوو و هەیدێ بەرەو مەملەکەتی دێوانان، ئەستێرەی ڕۆژێ تەواو لە چیای پشت دێ وەدوور کەوتبووەوە، بەرەو عاسمان هەڵکشابوو، دەتگوت شای پەریانە لە کۆشک هاتووەتە دەرێ و ئەستێرەکانی تر دەست و پێوەندن و شۆقی لێ بڕیون، لە شەرمان خۆیان دەپەنا و پەسیوان ئاخنیوە و سەری ڕێزیان نەوی کردووە و کز و بێ شۆق دیارن، بلبلی بەرەبەیان ماندوو لە خوێندن بووبوو و دوا بەندەکانی دەگوتن، کەڵەشێرەکان لە گەرمەی بانگداندا بوون، ئەو تاق و بەرۆکانە دەتگوت قاری بازاڕن لە هەراوهۆریا و زیقە و چووکەی کەوان، هاژەی ڕووبار و خورەی بەهاراوی کەندان و شۆڕەشۆڕی بەهارەکانیان کە تێکەڵ دەبوون، دەتگوت ناڵەی تووتەکی کوردانی ئەرمەنستان و قەفقاسن دەگەڵ تیپی کەوان ڕێک کەوتوون و ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، ئەو تاقەکەرەی کە لە دێدا مابوو و بووبوو بە تاقانەی دێیەکە، لە زۆرڕژنیدا، سەگ و ڕەوە چەقەڵەکانی دەورەی دێ بۆیان سەندەوە و ئاوازێکی خۆشی لێ دروست بوو، کزە بایەکی ساردی دەهات، ڕاوکەر وا خۆی پێچابووەوە دەتگوت مافوورە و لوولیان داوە، تەنیا کونی چاوانی دیاربوون.

بە پرسیاران ئەو دێیەی دۆزییەوە کە جووتە دێوانەی لێ دادەنیشن، بەرەبەرەی نیوەڕۆ گەیشتە بەر دێ، دیتی هەموو خەڵکی دێیەکە بە گەورە و بچووک و ژن و پیاوەوە بە پاچ و بێڵ و پیک و ماوەڵ خەریکن ڕێگەی ترومبێل بۆ دێیەکە دروست دەکەن، دوو پیاوی ڕیشنی پرچ درێژی کوڵکن لە لای پێشەوەی خەڵکەکە سەرپەرشتی کارەکەیان دەکرد، خۆشیان زۆر بە گورجی و دەستوبرد کاریان دەکرد، لە هێستری هاتەخوارێ، هێستری لە ڕۆخێکی جادە بەستەوە، چوو بۆ لای کوڵکنەکان و سڵاوی لێ کردن، سڵاویان لێ وەرگرتەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ کرد، کوڵکنێک لێی پرسی میوانی کێی؟ وەڵامی دایەوە گوتی جیاوازی نییە، کێ خانەخوێم بێ، میوانی ئەوم.

* کەواتە من لە خزمەتتدا دەبم.

– لێم ناوەشێتەوە، خزمەت لە منەوە.

نیوەڕۆ داهات و بۆ ناو ماڵان سەرە و ژوور بوونەوە، کوڵکنی خانەخوێ کە پرچ و ڕیشێکی زەردی کاڵی هەبوو، سەرەپیاو بوو، مووی سپی لێ پەیدابووبوون، بەڵام دەناو مووە زەردە کاڵەکاندا زۆر جودا نەدەکرانەوە، دێوانە کەژەیان پێ دەگوت، ڕاوکەر ڕێشمەی ئێسترەکەی کردەوە و بە دوای جووتە دێوانەکەدا ڕۆیشت، گەیشتنە بەر دەرکەی ماڵەکەیان، دێوانە کەژە ئێسترەکەی لە میوان وەرگرت، دوای ئاودان لە شوێنێکی بە لەوەڕ ڕایگواست، جووتە دێوانە جلکی سەرەوەیان لە دەرێ دانان کە دەناو قوڕوقاڵی کارەکەدا شەمێ مشت بووبوون و هیچ شوێنێکی پاکیان نەمابوو، جلکی ژێرەوەیان دەبەردامان و دەسنوێژیان شووشت، میوانیش دەسنوێژی شووشت و چوون دانیشتن، ماڵی هەردوو دێوانەکە لە یەک خانوودا بوو، خانووەکە دوو دیو بوو، لە نێوان دیوەکاندا داڵانێک هەبوو، دەرکەی هەردوو دیوەکە دەهاتەوە ناو ئەو داڵانە.

خێزانی هەردوو دێوانەکە پێکەوە نانیان هێنا، خواردنی جۆراوجۆری سەر خوانچە هەمووی گیای بەهارە بوو بە کاڵی و بە کوڵاوی، ماست و دۆینەش خۆیان وێ هەڵدابوو، دوای نان خواردن دێوانە کەژە لەناوی میوانی پرسی:

* چیت حەرزکەم! ئەوەندەم ناو لێن، خۆشم هەندێک جار هەموو ناوەکانم وەبیر نایەنەوە، ناوم قەهارە، لە پێناسەکەمدا نووسراوە عەبدول قەهار، خەڵک پێیان دەگوتم قەهۆ، دوای خووگرتنم بە ڕاوەوە و تێکەڵ بوونم دەگەڵ کەوان، کردمیان بە قەبۆ، ئێستا بە قەبۆ ناسراوم،

– هەر خۆش هاتی قەبۆ گیان، سەر سەر و سەرچاوان، ئەم ڕۆژە خۆش و ساماڵە لەپێو قەدەمی تۆوەیە، چەند ڕۆژێک بوو ئیشوکارمان ڕاوەستابوو لەبەر باو و کرێوە، ئەدی خێرە گەورەت کردووین.

* برای گەورەی منن

قـەبۆ بە وردی باسـوخـواسی ڕاوەکـەی ڕۆژی گـۆڕین و دێوانەی نـاو کلۆرە دارێی بۆ گـێـڕانەوە، گوتـی من زۆر بە خووی دێوانان سەرسـامم، دێوانەی ناو کـلۆرەدارێ باسی ئەوەی کـرد کـە دوو دێـوانەی تریش لـەم دەوروبەرەدا هەن، یـارمـــەتی ئەو دەدەن و ئەوانیش ســەربردەی دێوانەیی خۆیان هەیە، بەڵام نە ناو و نە نـاوونیـشـان و جێ و ڕێی ئێـوەی پێ نەگـوتم، منیش بە دوای ئەو جـۆرە سـەربردە سەرنجڕاکـێش و سـەرسوڕهێنەرانەدا دەگـەڕێم، ئەو ڕێیە دوور و بەر درێژەم بڕیوە و بە پرسـیـاران هاتووم، تـەنیا بۆ ئەوەی گـوێم لە سـەربردەی ئێـوە بێ، ئەگـەر پێی قـەڵس نەبن و لێم تووشی خانە گومانی نەبن.

* کوڕە ئێـمـە دەبێ بێینە مـاڵەکەی تۆ و پێـڵاوت مـاچ کـەین کـە ئەو ئەرکـەت کـێـشـاوە و تـەشـریفت بۆ ئێـرە هێناوە، ئێـمـە بەداخـەوە کـاتمان نیـیـە، دەنا دەبوو شـار بە شار و دێ بە دێ و ماڵ بەماڵ گەڕابایـن سەربردەی خۆمان بۆ خەڵکی گێڕابایەوە، دێوانەی ناو کلۆرە دارێش لێرەیە، ئەمڕۆ گەڕە گاڕانێ من بوو، لەبەر کاری ڕێ خۆشکردنەکە بۆم نەکرا بچمە گاڕانێ، دێوانەی ناو کلۆرە دارێ لە باتی من چووەتە گـاڕانێ، هێـوارێ ئەویش دێـتـەوە بۆ ئێـرە، چارت نیـیـە دەبێ شـەو تۆ لێـرە بمێنیـتـەوە و بە شێنەیی سەربردەکانت بۆ بگێڕینەوە، وای دانێ کە ئەم شەویش لە ڕاوێ بووی و لەناو گـەوەڕە شـاخـێک ڕۆژت کـردەوە، ئێستا دەبێ نوێژەکەمان بکەین و بەپەلە بچینە سەرکار.

قـەبۆی ڕاوکـەر بە مـانەوە ڕازی بوو، کـار دەسـتی پێ کـردەوە، بە گـەورە و گـچکە و ژن و منداڵەوە، دەتگوت مێـشە هەنگوینن بەناو گولزارێک وەربوون، هەر یەکەی لە خـولەکـێکدا پەلامـاری دەیان گـوڵ دەدا، بەبێ ئارام و حەجـمینی کـاریان دەکرد، قـەبۆش لەشـەرمان دەسـتی بە کارکردن کرد، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد نەهێڵن ئەو کار بکا و بڵـێن تۆ مــیـوانی، کـەس وای پێ نەگـوت، بەژن و پیـاوەوە دەسـتـخـۆشـیـیـان لێ دەکـرد، هەرچەند وەک ئەوانیش کـارامە نەبوو، بەڵام هەمـووان پەسنی کارەکەیان دەدا، منداڵیش لاسایی گەورانیان دەکردەوە و دەیانگوت دەستخۆش کاک قەبۆ، منداڵێکی چووکەڵە کە سەریان بە دەسماڵێک پێچابووەوە، پۆتینێکی دەستکردی خۆجێیی دە پێدا بوو، چڵمی بەلایەکی لووتیدا هاتبـووە خوارێ، لایەکـەی دی وشک بوو، سندەگـڵـێکی بچکۆڵەی دە دەسـتیدا بـوو لەسـەر ڕێگای لادەبرد، تازە فـێـرە قـسـە دەبوو، ئەویش گوتی: دەڤ حوڤ تات تەبۆ.

خۆر ئـاوابوو، سەروبەندی نـوێژی شێـوان، دەسـتیـان لە کـار هەڵگرت، قـەبۆی ڕاوکـەریان بردەوە بۆ ئەو دیوەی کە نیـوەڕۆ نانیـان لێ خواردبوو، ئەم جارەیان لەسەر خوانچە بوون بە شـەش کـەس، دێوانەی ناو کلۆرە دارێش لەوێ بوو، جـووتە دێوانەی خـانەخـوێ بانگی ژنەکـانی خـۆیان کـرد، گـوتیـان ئێـوەش دەگـەڵ ئێـمـە نان بـخـۆن، کـەسی بێگانەمان دەناودا نییە، خوانچەیەکیشیان لەلای خوارێ بۆ منداڵانی هەردوو مـاڵـەکە ڕاخسـتبوو، ئەو منداڵانە لە وێڵ و نـەریـتـی منـداڵایـەتی لایـانـدابوو، بـەبێ دەنـگی نانیـان دەخوارد، نان خوراو خوانچە لە گۆڕێ هەڵگیـران، قـەبۆی ڕاوکـەر گـوتی دەی وابزانم کـاتی گـێــڕانەوەی سـەربردەکـان هاتووە، دێوانە کـەژە گوتـی با جـارێ دێوانە ڕەشۆ سەربردەی خۆی بگێڕێتەوە، دێوانە ڕەشۆ گەنجێکی ڕەشتاڵەی ڕیش و پرچ ڕەشی موولاو بوو (مووی لووس و ڕاست و ڕاکشـاو)، کوڕێکی لەش سـاغ و بزۆز دیار بوو، بە قەبۆی ڕاوکەری گوت:

* چیت بۆ بگێڕمەوە؟

- بۆچی لەشـار ڕات کـردووە و کـەی و چۆن بـووی بە دێوانە؟

* بەڵێ، من پاسـەوانی وەزیر بووم - بەخـۆ هەڵگوتن جـوان نیـیـــە، بەڵام ناچارم ســەربردەکـە چۆنە ئاوای بگێـڕمـەوە- لە ئەرکـەکـەی خـۆمـدا زۆر بێ تەغـزیر و دڵسۆزبووم، هەموو هۆشی خۆم دابووە سـەر ئەوەی نان و مووچەکەم لێ حەڵاڵ بێت، کەوتبوومە ناو ژیانێکی خۆش و خـــوا بۆی هێنابووم، خـــانووی خــۆم هەبوو، ژن و منداڵەکـەم وەک گـوڵ بەخـێـو دەکـردن، بووبووم بە جـێی مـتـمـانەی وەزیر و تەرخـانی ناو مـاڵـیـان بووم، خـێـزان و کـچـەکـانی بۆ هەر کـوێیـەک چووبان، دەبوو من بردبانم، دەبوو من بەیانیـان کچە گـەورەکـەی بە ترومـبـێلی خـۆی گەیاندبا زانستگاو دوای دەوامیش هێنابامەوە بۆ ماڵ، بەڵێندەرێکی بە وردە و سـەلیـقـە هەبوو، سـەرەتا لە دروسـتکردنی کـۆلیـتی مریشـکانەوە دەستی پێ کـردبوو، بەوە لە گـوندەکـەی خـۆیان هەر کـەسێک کـۆلیـتی دروست کـردبایە ئەو دەچوو بەخـۆڕایی وەسـتـایی بۆ دەکـرد، کۆلیتەکـان تازە بابەت بوون، جێی پەلەوەر لێ کڕ کـەوتن و جووجەڵە هەڵێنان و بەخێوکردن و هێلکە لێکردن و دان لێ خواردن، هەموویان بەجودا جودا بوون، پاککردنەوەیان ئاسـان بـوو، بۆ زسـتـان گـەرم و بۆ هاوین فـێنک بوون، دوایی هۆڵێکی بۆ مـاڵی باوکی خـۆی دروست کـرد، ئەویش داهێنانێکی تازە بوو، پێشتر لە کۆتایی زستان و

سەرەتای بەهاردا، بەشەو ئاژەڵ ئەوەندە ژێرەوەی خۆیان تەڕ دەکرد، بەیانیان کە دەریاندەکردنە دەرەوە هەموو لەشیان دەبوو بە میزاو، لاواز و نەخۆشەکانیان دەمردن.

ئەو هۆڵەکەی وا دروست کرد میزاوی تێدا دانەوەستێ، بەرهەیوانێکی بێ دیواری سەرداپۆشراوی زۆر گەورەشی لە پێش هۆڵەکە دروست کرد، بەر هەیوانەکەش وا دروست کرابوو کە میزاوی تێدا دانەوەستێ و تا هێوارە ئاژەڵ دەگەڕێنەوە هەڵچزێتەوە و تەڕایەتی زۆر نەمێنێ، کۆتایی زستان ئەو شەوانەی زۆر سەرما نەبوو و دەرە بەهاران، ئاژەڵیان دەناو ئەو بەر هەیوانە دەکردن، هۆڵەکەش لە دووریماڵێ بوو، خەڵکی دێ لێیان بوو بە چاولێکەری و بە قۆنتەرات هۆڵیان پێ دروست دەکردن، پارە و پوولێکی پەیدابوو، دوای ئەوە وەستای گرتن و دەستی کرد بە دروستکردنی خانووی ماڵان بە قۆنتەرات، بەخۆی سەرپەرشتی دەکرد و کاری دەستی نەدەکرد، لە ئەنجامدا دەستی بە گرتنی کاری دەوڵەت کرد و سامان و دارایییەکەی لە زێدەی دا، با سەرت نەیەشێنم لە ئیش پوختی و بێ فێڵی و خووڕەوشت بەرزی ناوبانگی دەرکرد، لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی خانوبەرەی دەوڵەتیی دروست کرد.

ئەندازیاری بە ناوبانگی دەرەوەی وڵاتی هێنابوون بۆ نەخشە داڕشتن و سەرپەرشتی کردن، کۆمەڵگایەکە تەواو بوو، ئەو لیژنەی ئەندازیارانەی کۆمەڵگایەکەیان وەرگرت، ڕاپۆرتیان بۆ وەزیر بەرز کردەوە، نووسییان کارێکی زۆر ناوازە و بێ هاوتایە، دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی جیهاندا، بۆ ماوەی هەزاران ساڵ دیوارەکانی بە ساغی دەمێننەوە و دەبێتە شوێنەوارێکی بەناوبانگی مێژوویی لە ڕۆژگاری ئاییندەدا، وەک ئەوەی فیرعەون و یۆنانی و ڕۆمانییان، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەکە وەزیر دوو ڕۆژ بوو پەشێو دیاربوو، لە نووسینگەکەی دەهاتە دەرێ و دەهات و دەچوو، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند، هێوارەیەکیان دوای نوێژی شێوان بانگی کردم بۆ دیوەکەی خۆی، کە چووم نانی لە پێش دانرابوو و هێشتا دەستی بە خواردن نەکردبوو، گوتی وەرە با پێکەوە نان بخۆین، گوتم گەورەم ببوورە من دەچم لەو دیو نان دەخۆم، گوتی بۆچی لەو دیو؟ گوتم جارێ برسیم نییە دوایێ نان دەخۆم، گوتی شتی وا نییە، شەرم مەکە و من فەرمانت پێ دەکەم وەرە دانیشە، دانیشتم و گوتی فەرموو، بە شەرمەوە دەستم بۆ کەوچک و پێشخۆر برد، گوتی شەرمی ناوێ ئێمە براین، لە کاتی ئەرک و دەوامدا نەبێ، هیچمان لە هیچمان گەورەتر نین، بەڵام خوا دنیای وا داناوە دەبێ هەر کەسەی پیشەیەکی هەبێ، ئەگەر هەموومان پاسەوان بین، پاسەوانی کێ بکەین؟ ئەگەر هەموومان وەزیر بین، ڕێبەرایەتیی کێ بکەین ؟ با لەوە گەڕێین، بەداخەوە دەڵێم! من لەم جیهانەدا یەک تاکە کەسی باوەڕ پێکراو و جێی متمانە شک نابەم، بێجگە لە یەک کەس، دەزانی ئەو کەسە کێیە؟ گوتم نەخێر، گوتی ئەو کەسە کوڕە تاقانەکەی خۆشەویستمە، کاکە ڕەشۆی نەڕڕەشێر، پڵنگی چیاو چۆڵان، کاکەڕەش.

کارێک هەیە دەبێ تەنیا لە نێوانی من و تۆ و خوادا بێ، دەبێ سوێندم بۆ بخۆی لەلای کەس نەیدرکێنی، گوتم گەورەم تیرەی ئێمە سوێندیان پێوە نایێ نە بە ڕاست و نە بەدرۆ، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم لەلای کەس نەیدرکێنم، دەمانچەیەکی بێدەنگ و دەفتەرێک دۆلاری دەرهێنا، گوتی دەبێ بەڵێندەری کۆمەڵگایەکە بکوژی، قانوون وایە نابێ بەر لە ڕاپەڕاندنی ئەرک پرسیار بکەی، دەبێ ئەرکەکە جێبەجێ بکەی، دوایی بپرسی ئەمەم بۆ کرد، دوایی بۆت ڕوون دەبێتەوە کە چ خائینێکت لە کۆڵ نەتەوە و نیشتمان کردووەتەوە و چ کافرێکت لە کۆڵ ئایین کردووەتەوە، دەفتەرە دۆلارەکە و دەمانچەکەی بۆ ڕاگرتم، گوتی پێشەکی ئەوەندە وەربگرە، دوای جێبەجێکردنی نۆ دەفتەری تریش ئامادەن بۆت، من لە خووی وەزیر شارەزا بووم، نەدەکرا کەس قسە لە قسەی بکا، بەلایەوە هیچ نەبوو ئەگەر بڵێم نا، هەر لەوێ گوللەیەکم لە تەختی نێوچاوانێ بدا و ساردم کاتەوە و شوێن بزرم بکا، بەبێ دەنگی دەمانچەکەم لێ وەرگرت و دەفتەرە دۆلارەکەم وەرنەگرت، گوتم گەورەم با پوولەکە لەلای جەنابت بێ، بێ زەحمەت بۆم هەڵگرە، ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت، خوایە هاوار! فەرمانی فەرمانڕەوایەکەم بشکێنم، یان تاوانێک بەرانبەر خوا و خاک و خەڵک ئەنجام بدەم، هەر چۆنێک هەبوو، ئەو شەوەش ڕۆژ داهات و ئەو ڕۆژەش کچە گەورەی وەزیرم گەیاندە زانستگا، لەوێوە ڕاست بەرەو نووسینگەی بەڵێندەری کۆمەڵگاکە چووم، کە چووم دەوری قەرەباڵغ بوو، سڵاوم کرد و گوتم دەمناسی؟ گوتی تۆم لەگەڵ وەزیردا دیوە، گوتم یەک دوو قسەی تایبەتیم هەیە، دەکرێ لە شوێنێکی بەلاوە دابنیشین؟ گوتی فەرموو، چووینە ژوورێک پڕ بوو لە نەخشە و کەرەستەی ئەندازیاری و ئەو جۆرە شڕوشاتاڵانە، بێ پێشەکی و سەری قسە داهێنان گوتم تۆ هیچ ناخۆشییەکت دەگەڵ

وەزیر هەیە؟ گوتی من هیچ ناخۆشییەکم دەگەڵ وەزیری نییە، بەڵام لە مێژە من دەزانم ئەو ناخۆشی دەگەڵ من هەیە، گوتی بۆ خێرە ؟ گوتم وەڵڵا بۆ من خێر نییە، بەهۆی تۆوە ماڵی من وێران بوو، گوتی چی بووە! من چیم لە تۆ کردووە؟ گوتم بەهۆی تۆوە، دەبێ من ئەم وڵاتە بەجێ بێڵم، هاتووم پێت بڵێم تۆش ئاگات لەخۆ بێ، نمەکت هەبێ ناوی منیش نەدەی ها پێت دەڵێم، گوتی کوڕە ئەوە چی دەڵێی؟ تێکچووی؟ گوتم نەخێر تێک نەچووم، ڕاسپێرراوم تۆ بکوژم، مادام بڕیارم داوە نەتکوژم، وا من لە ئەمڕۆوە دەڕۆم و سەری خۆم بۆ وڵاتان هەڵدەگرم، گوتی تۆ بەڕاستتە کوڕی باش، گوتم بە درۆشم نییە، کاتم نییە و دەبێ بڕۆم چارەی خۆم بکەم، نابێ کەس بزانێ کە من هاتووم بۆ ئێرە، بەڵێندەر ڕەنگی سپی هەڵما، دەتگوت بە دەرزی خوێنیان لە هەموو لەشی دەرهێناوە، هەستام و بەڵێندەر گوتی پەلە مەکە با منیش تۆڵەت بۆ بکەمەوە پوولم لەلا نییە و دەنێرم بۆت بێ، گوتم لەلاشت بوایە، لێم وەرنەدەگرتی، من ڕەزای خوا و ویژدان بە پارەی تۆ ناگۆڕمەوە، لەوێ ڕۆیشتم و چوومە بەر دەرگای زانستگا، چاوەڕێم کرد تا دەوام کۆتایی هات، کچی وەزیرم گەیاندەوە ماڵێ و کە دابەزی دەمانچەکەشم لەسەر کوشنی ترومبێل بەجێ هێشت، سویچی ترومبێلەکەشم دایە دەستی کچەکە و گوتم با ئەمڕۆ سویچەکە لەلای تۆ بێ، من کاری تایبەتیی خۆم هەیە، نەک سویچەکەم لێ ون بێ، لێی وەرگرتم، ئەو چوو بۆ ژووری و من تێم تەقاند هاتم، نازانم ناوی لێ بنێم ڕێککەوت، قەزاو قەدەر، بەخت و نێوچاوان، قسمەت و چارەنووس، چی؟ بەلای ئەم دێوانە کەژەیەدا کەوتم کە لە ڕۆخ تۆ دانیشتووە، شەو و ڕۆژێکم لەلا بردە سەر، پیر و پێشینان گوتوویانە دڵ ئاوێنەی دڵە، هەرچی گومانی خراپ و ترس بێ بەرانبەر بەم کابرایە لە دڵمدا نەما، هەموو بڕوا و متمانەی خۆم پێ کرد، چۆن ئێستا بۆ تۆی دەگێڕمەوە، ئاواش سەربردەی خۆم بۆ ئەو گێڕایەوە، مەبەستم ئەوە نییە کاکە قەبۆی ڕاوکەر کە لە تۆش بێ گومانم، بەڵام تازە من تەریقەت ترسی لەدڵ هاویتوومە دەرێ و لەکوێ بکوژرێم ئەوێ کەربەلای منە، منەتم بەیەک تاک هەیە ئەویش خوای لە ژۆری سەرییە، حەزدەکەم تۆش ئەو سەربردەیە لە هەموو شوێنێک بگێڕییەوە با خەڵک ئاگادار و وشیاری خۆیان بن، دێوانە کەژە بردمییە لای شێخ و تووشی داوی تەریقەت بووم، دواتر ژن و منداڵەکەشم بۆ هات و لێرە گیرسامەوە، ئێستا هەموومان زۆر دڵخۆش و بێ خەمین، خەڵکی دێ دوو دوو و سێ سێ دەهاتن و سڵاویان دەکرد و دادەنیشتن، وای لێ هات ژوورەکە بە حاستەم جێی دانیشتنی تێدا مابوو و هەموو لەسەر چۆکان دانیشتبوون، قەبۆی ڕاوکەر گوتی:

– دەی، گەڕی جەنابتە دێوانە کەژە سەربردەی خۆتمان بۆ بگێڕییەوە.

* بەڵێ، بەخۆت دەزانی کارخانە گەورەکان هەموویان تاڵان کران و وێران بوون، کارگە بچکۆلەکانیش وەک دوکانی ئاسنگەری و دەرگا و پەنجەرە و دارتاشی و تەحین و شیرینی و دروستکردنی شتی وردەواڵە هەموویان لە کار وەستان و داخران، لە بەرهاتنی بە لێشاوی کاڵای بێگانان لە دەرەوە، هەروەها کاری وەرزێریش باوی نەما لەبەر پڕبوونی بازاڕەکان لە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بێگانان، خەڵکی شار و لادێ بێکار و دەستبەتاڵ مانەوە، منیش وەک ئەو خەڵکە بێ کار و دەستبەتاڵ مامەوە، چووم بۆ لای کاربەدەستێکی خزمم، گوتم دەتوانی کارێکم بۆ بدۆزیتەوە؟ گوتی تا ئێستا لە کوێ بووی؟ هەر زۆر زۆریش پێویستیمان بە تۆیە، نامەیەکی دامێ بۆ سەرۆکی لیژنەی دەستەی مەسلەتان، نامەکەم برد و بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕیان لێ کردم و چایان هێنا و قاوەیان هێنا و شیرینیان هێنا و چایان دووبارە کردەوە و... قسەی خۆش و گاڵتە و پێکەنین و هەر مەپرسە، گوتیان مامۆستا وادیارە شارەزاییەکی باشت لە مانای ئایەت و حەدیسان هەیە، گوتم قوربان خۆ من خوێندەواریم نییە، گوتیان بۆچی جەنابت مەلا نیت؟ گوتم نەوەڵڵا، سەرۆکی دەستەی مەسلەتان، ماوەیەک داما و بێدەنگ بوو، دوایی گوتی دوای سێ ڕۆژی تر سەرمان لێ بدەوە، دوای سێ ڕۆژی تر چوومەوە، سەرۆکی دەستە گوتی مووچەت بۆ بڕاوەتەوە و لەم مانگەوە مووچەکەت کار دەکا، بەڵام کارەکەت وایە دەبێ هەندێک ئایەت و حەدیست لەبەربن، ئەگەر هەر هیچ نەبێ دەبێ هەندێک شتی وا بڵێی لەناو مەجلیسێ مەسلەتان خەڵک تێت نەگا، بڵێی خوا وای فەرمووە و پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ وای فەرمووە، مانایەکیشیان بۆ پەیدا بکە بە کوردی، وێنەی خۆم و پێناسیان لێ وەرگرتم و گوتیان لەمڕۆ بەدواوە دەوامت لێرەیە، ئێمە فێرە خوێندەواریت دەکەین، تۆش هەوڵدە بایەخ بە دەرسەکانت بدەی و ڕەخاوەتیان پێ نەکەی،

دەستم بە خوێندن کرد، ئەگەر زانیبام هێندە زیرەکم لە خوێندن، زووتر دەستم پێ دەکرد، لەسەرەتاوە ئەلف و بێی عەرەبیی و دەرسی جزوەی عەممەیان پێ دەگوتم، دوایی کە پیتەکانم ناسین داوام کرد فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردیشم بکەن و بە ماوەیەکی کەم فێربووم، بەڵام لە عەرەبییەکەدا پیتێک هەیە ئەوەی مەلای خۆماڵی بە (ڵاد)ی دەخوێننەوە، ئەوان بە جۆرێکی تر بە منیان دەگوت، چۆن پسپۆری کەران زاری کەرێ لێک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ (موالید)ی چەندە، بیلامانێ مامۆستای منیش ئاوا زاری بەمن دادەدڕی و دەیگوت دەبێ زمانت بەبن مەڵاشووەوە بنێیی، لە عاستی دوو ددانی لای پێشەوە، ڕیزی سەرەوە، تا ئەو پیتە دەربڕی کە جاران لای خۆمان بە (ڵاد) ناسرابوو، دوو سێ پیتی تریش هەبوون دەبوو من خۆم پسەزمان کردبا،

من لەسەر خوێندنی جزوە بەردەوام بووم، فێری خوێندنەوەی دەبووم، بەڵام ئایەتەکانم بۆ لەبەر نەدەکران، ڕۆژی واش کەمبوون لە مەسڵەتێک بەشدار نەبین، سەرۆکی دەستەی مەسڵەتان خۆی نەدەهات بۆ مەسڵەت کردن، ئەرکی دەستەی مەسڵەتان ئەوەبوو سەرۆک کام لایان بۆ دیاری بکا ماف بەو لایە بدەن، ئەرکی منیش ئەوەبوو یەک دوو ئایەت و حەدیس بخوێنمەوە، یان شتێکی وا بڵێم کە تێم نەگەن، ئینجا بە سوودی لایەنی بردوەوە شەرحی بکەم و پەرتووکێکیش لەسەر کۆشی خۆم دابنێم، جا پەرتووکەکە هی هەقایەتان با، ئینگلیزی با، هەر شتێکی هەبا جیاوازی نەبوو، دەبوو گوتبامە شەرع وا دەڵێ و وا ناڵێ... بە زۆریش وابوو لایەنە دۆڕاوەکە لەسەر هەق بوو، هیچ شوێنێکیش نەبوو پەنای بۆ بەرن، بەناچاری پشتیان بەدەست و بازووی خۆیان دەبەست و شەڕ ڕووی دەدا، حەفتە نەبوو بریندار و سەرشکاوی ئەو ڕووداوانە ڕەوانەی نەخۆشخانە نەکرێن، ئەوەم لەبیر چوو، مەندیل و کەوا و سەڵتە و سیواکیشیان بۆ کڕیم، بەڵام بەکارم نەهێنان، چونکە ئەگەر خەڵکی لای خۆمان بەسەفەر هاتبانە ئەو ناوە و بەو شێوەیە منیان بینیبا، ئەوەندووکە حەیایەی پێم مابوو، ئەوەندیش دەچوو، لە ئەنجامدا مەسڵەتێکمان کرد لایەنی دۆڕاندوو زۆر تووڕە و ئاڵۆزبوون و زۆریش لەسەر هەق بوون، هەردوولاشیان چەکدار و شەڕانی بوون، دوای چەند ڕۆژێک جەنگ هەڵایساو شەڕە تفەنگ ڕووی دا، شەش کەس کوژران و گوتیان هەشت نۆ دە کەسیش بریندار بوون، کە ژنیشیان دەناودا هەبوون، کە ئەو هەواڵەم پێگەیشت، هەستم بە شەرم و شوورەیی و سەرشۆڕییەک کرد، دەتگوت لە کاتی ئەنجامدانی ئابڕووبەرانەترین کاردا گرتوویانم.

چاوم بە کەس هەڵنەدەهاتن، ڕووم نەبوو لەماڵ بچمە دەرێ، چەندی دەچووم و دەهاتم و دەبزووتمەوە، خواردنم بە چاکی بۆ نەدەخورا، ڕەخنەم لە هەموو خواردنێک دەگرت، بە هەموو دەنگێک قەڵس دەبووم، لەناو ماڵێدا هەرا و ئاژاوەم دەنایەوە، لا کەلەکەی چەپەم بەخێرایی لێی دەدا، کە ڕادەکشام و سەرم وەسەرین دەکرد، بە چاکی گوێم لە تەپەی لا کەلەکە و سەرم دەبوو، سەرم لە دوختەر دا، دوای پشکنین و ئەزموونگە و پشکنینی تایبەتی و ئەم سەر و ئەو سەر، دەرکەوت کە نەخۆشی گەدەم گرتووە، ڕۆژ بە ڕۆژ زەینم ئاڵۆز دەبوو، کە خەڵکم بەلادا تێدەپەڕی، وامدەزانی مۆڕەم لێ دەکەن، دەمویست پەلاماریان بدەم، پێم خۆش نەبوو کەس قسەم دەگەڵ بکا، بە دەنگی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن قەڵس دەبووم، خەوم نەمابوو، هەر زوو زوو وەئاگا دەهاتم، ئەو دەمانەی کە خەویشم لێ دەکەوت خەونی حەلەق و بەلەق و حەنتیکە و حاجباتی وام دەبینین، لەناو قامووسیشدا جێیان نەدەبووەوە، بەیانییەکیان لە خەومدا بەسەر گوڵ و گوڵزارێک هەڵبووم، حەزت دەکرد هەزار چاوت پێوەبێ و پێیی تەماشای دەوروبەرت بکەی، پرسیم ئێرە کوێیە؟ گوتیان بەهەشتە، لەولاتر کۆمەڵە پیاوێک لەسەر مێرگێک دانیشتبوون، خوانچەیان لەپێش ڕاخرابوو، هەرچی خواردنی لەجیهاندا هەیە و بەزاران بخورێ لە پێشیان دانرابوو، بەڵام من تەنیا هەر هەنگوین و دۆشاوم ناسین، هەنگوینەکەی دەتگوت زێڕی زەردە شیلە دەسەر چاوەی شانەکانییەوە دەڕژا، بۆنی خۆشی تاڵە بنێشتی لێ دەهات، ئەوەندە پێش چاو و لە تەبیات بوو وەختبوو نەوسم بچێ، سڵاوم کرد، سڵاویان لێ وەرنەگرتمەوە، کە سەیرم کرد ئەو شەش کەسە بوون کە یەکتریان کوشتبوو، پێکهاتبوونەوە و دەتگوت ئەسحابول کەهفن خوویان پێکەوە گرتووە، لە خۆشەویستییان دڵیان نایێ چرکەیەکیش یەکتری بەجێ بێڵن، کۆمەڵە کچێکیان لە دەورە و لەبەردەم دانیشتبوون، باسی جوانییان ناکرێ، دەتگوت ئەستێرەن لە عاسمانێ کەوتوونە خوارێ.

پاروویان بۆ پیاوەکان دەکردن، پیاوەکانیش جاروبار ماچیان دەکردن و ڕوومەتی کچان چەور دەبوون، بە دەسماڵێکی جوان ڕوومەتی خۆیان دەسڕییەوە، کچەکانیش تەماشای منیان نەدەکرد، چاویان هەڵنەدەهێنان، دەمویست چاوانیان ببینم، یەکێکیان کە

هەردوو باسکی پڕ لە بازن بوون، سەری هەڵبڕی و چاوم پێی کەوت، بەڵام ئەویش لێوی لێ خوار کردمەوە، لە پڕ هەر شەش پیاوەکە پێکەوە هەستان و گوتیان ئەوەتا، ئەوەی لە حاسمانان بۆی دەگەڕاین لە حەردی دەستمان کەوت، بەچوار چەنگە هەڵیان گرتم، بردمیان بۆ سەر دیوارێکی هەزار بە هەزاری، تەنیا بە تەماشاکردنی ژێڕای دیوار زراوی پیاوی دەچوو، گوتیان وەبیرتە لەسەر دنیا چەند فەتەراتت بەرپا کردن؟ هەی سەگی سەگبابی قاحپەباب؟ هاوار هاوار و زیڕە زیڕم دەگەیشتە بەر عەرشی فەلەک، دیوارەکە بەبەر کەندەڵانێک هەڵکرابوو بنەوەی دۆڵێکی قووڵ بوو، خوارەوەی دۆڵەکە دیار نەبوو لەبەر ئاگر و دووکەڵ و کەڕەنا، بە پێچەوانەی سەر دنیا کە ناپاڵم لە هەوای دێنەخوارێ، لەوێ لەبن حەردی دەردەکولێن، دەتەقینەوە و دەگەڵ هەر کۆمەڵە تەقینەوەیەک حەرد لەجێی خۆی بڵیند دەبوو و ڕەهەوا دەکەوت، لای سەرەوەی ئەو شوێنەی منیان لێ ڕاگرتبوو، مار و دووپشکی لێ بوون، ئەستوورایی مارەکان بەقەد گردێک دەبوو، درێژاییان بە دەیان کیلۆمەتر دەبوو، زاریان دادڕیبوو و ئاگری لێ دەهاتە دەرێ، دریشووکەیان بەقەد دارتێلێکی کارەبای ئەستوور و درێژ دەبوون، چرکە بە چرکە زاریان پتر دادەدڕی و حەجمینیان نەبوو تا من دەکەومە خوارێ و هەریەکەی بە تەمای ئەوەبوو من بکەومە ناو زاری ئەو، دووپشکەیەکیش هاتە پێشەوە کلکی هەڵدا بۆ سەر پشتێ و کلکی بەقەد پردێکی کەوانەیی دەبوو، دەبابەی بەسەر کلکێدا ڕۆیشتبان خەمی نەبوو، لەپڕ پیاوەکان گوتیان: یاشاهی نەخشبەند، هەڵیاندامە خوارێ، لەیەک هاوارمدا لەو شیو و دۆڵانە دەنگی دایەوە، دەگەڵ ئەوە وەئاگا هاتم و پەتووم لەسەر خۆم فڕێ دا، کەڵاشینکۆڤەکەم کە لەبن لێوی دۆشەکێدا بوو، پڕم دایێ، میلم ڕاکێشا، ژن و منداڵەکانیشم کە لە دەنگی بزڕکانی من ڕاپەڕیبوون، وەئاگا هاتن، من ژن و منداڵەکەم لە پێش چاوان بووبوون بەو پیاوانەی کە منیان لەسەر دیوار هەڵدایە خوارێ، یەکسەر لوولەی کەڵاشینکۆڤەکەم تێکردن و دەستم بە پلاپیتکەیدا هێنا، بەڵام مرۆڤ کە گلاویش بوو، تۆزێک ویژدان و نیازی پاکی لە دڵ و دەروونیدا بمێنێ، خوای بێ چارە و بێ مێشکان، خوای کەسی بێ کەسان، لە هاواری دێ، منداڵێکمان هەیە ئەوسا زۆر بەدفەڕ و بزۆز و دەست ناڕاوەست بوو، ئێستا شوکر بۆ ئەو خوایەی منی لەو هەموو بەڵایانە ڕزگار کرد و لە تاوان و گوناحانی وەدووری خستمەوە، منداڵەکەمان ئاقڵ بووە.

ئەو منداڵە خووی وابوو هەر کاتێک چاوی بە چەک دەکەوت پەلاماری دەدا، منیش کردبووم بە پیشە هەمیشە لەماڵێ یەدەگم لەسەر کەڵاشینکۆڤەکە دەردەهێنا و دەمشاردەوە، ئەو بەیانییەش یەدەگی لەسەر نەبوو، ئەو ڕۆژەم هەر ئەوەندە وەبیردێ خۆم بە دەست و پێ زنجیر کراوی لە نەخۆشخانە دیتەوە، نازانم ماوەی چەندی پێ چوو تا هۆشی پرسیارکردنم هاتەوەبەر، پرسیم بۆ لێرەم؟ ئێرە کوێیە؟ دوکتۆر گوتی تۆزێک نەساغ بووی ئێرە نەخۆشخانەیە، دوای چارەسەر دەگەڕێیەوە بۆ ماڵ، ئەو کاتە زنجیرم لە دەست و پێیان کرابووەوە و تووڕە و کەللەیی نەدەبووم، بەڵام دڵم توند بوو و شتی سەیر و سەمەرەم دەهاتە پێش چاوان و بە خەیاڵدا دەهات.

با درێژی نەکەم نازانم چەند لە نەخۆشخانەدا مامەوە، چاک بوومەوە، چاک بوومەوە و هاتمەوە ماڵێ، بەڵام ناشادی و دڵ بەخەمییەکەم هەر مابوو، هاتمە خزمەت پیری ئەم ناوە، چۆن ئێستا سەربردەکەم لە خزمەت مەجلیسێدا دەگێڕمەوە، ئاواش لە خزمەتی پیردا گێڕامەوە، فەرمووی تۆ ئەم ماوەیە میوانی تەکییەکەی ئێمەی، ئیتر ئەو ماوەیە هەموو ڕۆژێک پیر سەعاتێک لەلای خۆی دادەنام و قسەی بۆ دەکردم و قسەی پێ دەکردم، دەیگوت: چیت بە خەیاڵدا دێ ئەوە بڵێ، گۆرانییان دەڵێی، درۆیان دەکەی، ڕاستییان دەڵێی، هەرچی دەڵێی سەربەستی، ناچاری دەکردم قسان بکەم، دڵیشم بۆ دەف لێدان و سەڵاوات و شیعر و گۆرانی و بەزم و ڕەزمی دێوانان چوو، لەسەر دەستی پیر تەریقەتم وەرگرت، ماڵ و منداڵەکەشم هێنا، دواتریش دێوانە ڕەشۆی هاودەنگم خوا بە زیادی کرد، دەستمان بە شیناوردی و ئاژەڵداری و کار و کەسابەتی لادێ کرد، دانیشتوانی دێ سەرەڕای ئەو هەموو داهاتە زۆرەی کە هەیانبوو، هەمیشە قەرزاری من و کاکە ڕەشی هاودەنگم بوون، پرسییان بۆچی وایە ئێوە بەو داهاتە کەمەوە ژیانیشتان خۆشترە و دڵیشتان لە ئێمە خۆشترە، گوتم ئەگەر ئێوەش پەیڕەوی لە ئێمە بکەن، وەک ئێمەتان لێ دێ، گوتیان لە قسەتان دەرناچین، با کورتی کەمەوە، چەند جارێک دەگەڵ هەموو خەڵکی دێیەکە دانیشتین، بەسەرپەرشتی برا گەورە و مەلا و کوێخا و ڕیش سپییان، باسی بەرەو پێش بردنی ئابووری و (نیزام)ی دێیەکەمان دەکرد، دواجار گوتم بەڵێنتان نەداوە لە قسەمان دەرنەچن؟ گوتیان با، گوتم دەبێ لە دوا

دانیشتندا ژنەکانیش هەموویان بەشداربن، گوتیان با بەشداربن، ئیتر لە دانیشتنی کۆتاییدا، کە ژن و پیاوی تێدا بەشدار بوون و هەمووان مافی ڕادەربڕینیان وەک یەک هەبوو، بڕیارنامەیەکمان دەرکرد، ئەمە هەندێک لە خاڵەکانین:

١- هەر جۆرە خواردنێک لەناو ئەم دێیەدا بەرهەم نەهێنرێ، کڕین و خواردنی قەدەغەیە.

٢- تا سێ ساڵ گرێبەست دەگەڵ شەریکەیەک دەکەین، ئەو کەلوپەلانەی کە جارێ توانایی دروستکردنیانمان نییە، بۆمان بێنێ و لە بەرانبەردا بەروبووی کشتوکاڵیمان لێ وەربگرێ.

٣- لە دەرەوەی دێ شت بە پووڵ کڕین قەدەغەیە، دەبێ هەمووی بە ئاڵوگۆڕ و مامڵەت بێ.

٤- بریکارێک دیاری دەکەین شتەکان دەگەڵ شەریکەکە ئاڵوگۆڕ بکا و شتە وەرگیراوەکان بێنێتەوە.

٥- لێرە فرۆشگایەک دابنێین و ئەو شتە وەرگیراوانە لەو فرۆشگایەدا دابنرێن.

٦- هەرماڵێک بایی چەند بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی ڕادەستی بریکارەکە کردووە، دەتوانێت بایی ئەوەندەش شت لە فرۆشگا وەربگرێ.

٧- زەکاتی هەموو بەرهەمەکان کۆ بکرێتەوە و بفرۆشرێ، پارەکەی بخرێتە سندووقێکەوە، ئەو ماڵانەی بەرهەمیان بایی پێویستییان نەبووە، بایی پێویستیەکانیان بچن پارە لەو سندووقە وەربگرن و بچن لە فرۆشگاکەی خۆمان پێویستییەکانیان بکڕن.

٨- تا وادەی ئەو سێ ساڵە دەگەڵ شەریکە تەواو دەبێ، دەبێ ئێمە وەستا و شاگردی کارامەمان ئامادەکردبن دەگەڵ وردە کارگەکان بۆ دروستکردنی هەموو ئەو کاڵا پێویستییانەی کە بۆ ماڵان پێویستن، وەک جلک و بەرگ و پێڵاو و کەلوپەلی ناوماڵ و ئامرازی کاری دەستی و تا دوایی.

ئەمانە هەندێک لە خاڵەکانن، چەند گەنجێک ڕۆیشتوون بۆ خولی پیشەسازی و کارە جۆراوجۆرەکان ئێستا کارگەی جۆلایی و پێڵاو دروستکردن و دەرکە و پەنجەرە و هەموو کەرەستەکانی دارتاشی و ئاسنگەریمان دامەزراندووە و کارەبای ئاومان دروست کردووە و شەو و ڕۆژ ناکوژێتەوە، بەبێ مەسرەف، تا سێ ساڵی دی دەبێ کووتاڵ و هەموو کەلوپەلە پێویستییەکانی تریش لە دێیەکە بەرهەم بێ، ئەوسا بە توندی هەموو شتێکی لە دەرەوە هاتوو قەدەغە دەکەین، بەهاوکاری مەلای دێ بەرنامەی ژن و ژنخوازی و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشمان داڕشتووە، ئەرکی پەککەوتە و خێزانە بێ سەرپەرشتەکان لەسەر هەموو خەڵکی دێیە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەد لەسەد زیادی کردووە، دێیەکە هەژار و دەسکورتی تێدا کەم بوون، لێرە بەرماو فڕێدان قەدەغەیە و سزای لەسەرە، کێ چەندی پێ دەخورێ دەبێ هەر ئەوەندەی خواردن لەپێش بێ، خشتوخاڵ و جۆڕکە لایلۆن فڕێدان قەدەغەیە، زبڵ ڕۆکردن لە نزیک کەنداو و کانی و ڕووباران سزای توندی لەسەرە، هۆڵ و گەوڕی ئاژەڵان و کولانەی پەلەوەر دەبێ لە دووری ماڵەوە بێ، نەخۆش دەبێ بە پارەی سندووقی زەکاتان چارەسەر بکرێن، گێڕانەوەی منداڵ لە قوتابخانە قەدەغەیە، دەبێ هەموو نەخوێندەوارێک دوو ساڵان بچێتە قوتابخانە، سندووقێک دانراوە بۆ ئەو خوێندکارانەی لە شار دەخوێنن، خەڵاتی ساڵانە دانراوە بۆ وەستایە ئیش پوختە لە پێشەکان.

ئەو دەستەیەی دادەنرێ بۆ خەڵک ئاشت کردنەوە، نابێ لە دوو ساڵ کەمتر بێ کە نە لەکەس تووڕە بوون و نەکەسیان لێ تووڕە بووە، درۆ باجی لەسەرە، پارەی باجەکە دەچێتە سندووقی زەکاتەوە، دز دەبێ لێرە بارکا، نابێ نەکەس کچی لێ بخوازێ و نەکەس ژن بدا بە کوڕەکەی، زۆر وردەکاری تریش هەن، هەموویان ناگوترێن، هەندێکیشیان نابێ بگوترێن و قەدەغەن.

شەو ڕاشکا، دانیشتوانی مەجلیس «شەوتان خۆشبێ»یان گوت و ڕۆیشتن، سێ دێوانەکە و قەبۆی ڕاوکەری میوان مانەوە، جێیان ڕاخستن، لێی ڕاکشان، دێوانەی ناو کلۆرەدارێ، شمشاڵەکەی لە کەشکۆڵێ دەرهێنا و دەستی کرد بە لێدانی ئاوازی (هاوار بەرێ)، تا لە لێدانی شمشاڵەکە بووەوە هەرسێکیان خەویان لێ کەوت، ئینجا ئەویش شمشاڵەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە و لێی خەوت.

قەبۆی ڕاوکەر، بەیانی، چێشتەنگاو پێش ئەوەی ماڵ ئاوایی بکا و وەڕێ بکەوێ، ماوەیەک لە بێڵایی ڕاوەستا و تەماشای دەوروپشتی ئاوەدانی و ناو ئاوەدانی دەکرد، کۆڵانەکان هەموویان گەسک درابوون، سەرەڕای زیلمۆی ئەو هەموو ئاژەڵە، ئاوایی پاکوخاوێن بوو، هۆڵ و ئاغەڵەکان لە دووری خانووان دروست کرابوون، دەورەی ئاوایی دەتگوت تازە پەڵەکوڕەشی بەفرێی تێ کەوتووە، هەر ڕەنگی سپی و ڕەش وەبەر چاوان دەهاتن لە گەلانی بزن و مەڕان، باڕەباڕ و بۆڕەبۆڕ و زۆڕەزۆڕ و حەوەحەو، وا تێکەڵ بووبوون دەتگوت ڕۆژی مەحشەرێیە، قەبۆ پرسی ژن چۆن وەبەر دۆشینی ئەو هەموو بزن و مەڕ و

مانگا و گامێشانە ڕادەگەن؟ دێوانە کەژە گوتی لێرە ژن و پیاو کاری ژن و پیاوان دەکەن.

* ئەدی ئەو هەموو بەرهەمەتان لەم شوێنە دوورە دەستە چۆن بۆ ساغ دەبێتەوە؟

– بازرگانانی شار ڕکابەرێیانە لەسەر کڕینی ڕسقی ئێمە، ئەگەر بە دوو هێندەی ڕسقی جێیانیش پێیان بفرۆشین، هەر هی ئێمە دەکڕن، ئێمە نایبەین بۆ شار، ئەوان دێن لێرە لێمان وەردەگرن.

قەبۆ خورجێنەی هێناگۆڕێ تا ئەو دیارییانەی هێنابوونی بۆیان بەجێ بهێڵێ، دێوانە کەژە گوتی: (تا نیوەی شەو هەقایەتی ڕۆستەمیان بۆ کابرایەک کرد نیوەی شەو کابرا لە هەقایەتخوانی پرسی ڕۆستەم نێربوو، یان مێ؟) کاکە خواردنی لە دەرەوەی دێ هاتوو لێرە قەدەغەیە، کەلوپەلی تریش–زۆر پێویستییەکان نەبن– لێرە قەدەغەن، زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم، دەزانم هەڵوێستێکی ناخۆشە، شەرمەزارم، لە کوردەواریدا دیاری وەسەر میوان کردنەوە شەرمە، قەبۆ گوتی: خۆ ئەوانە بە خۆڕایین و پوڵ لە ئاوایی ناچێتە دەرەوە، دێوانە کەژە گوتی ئەگەر شتی بەخۆڕاییمان وەرگرت، شتی بە پوولیش دێتە ناو، پابەند بوون نامێنێ و شیرازە تێکدەچێ.

قەبۆ دوای ئەوەی ئێسترەکەی ئامادەکرد و خورجێنەی تێدا هێنا، ماڵئاوایی لە یەکە بە یەکەی دێوانان و ماڵ و خێزانی دوو دێوانەکە کرد، پرسی ڕێی دێی پیری ناوچەکەتان بە کوێدایە؟ دێوانە کەژە گوتی ڕاوەستە وانابێ، ڕێیەکە چەند ڕێیەکی دی لێ دەبنەوە و لێت تێک دەچێ، شارەزات دەگەڵ دەنێرین.

* نامەوێ پتر ببم بە ئەرک بە سەرتانەوە.

– شتی وا نییە.

دوو منداڵی سێزدە چواردەساڵی وەگەڵ کەوتن و دوای دووبارە تەوقە و ماڵئاوایی کردن لە دێ وەدەرکەوت.

**ئەو وشانەی کە لەوانەیە کەمتر بەکارهاتبن لە نووسیندا:**

سێرەبوونەوە: بایی ئەوەندە ڕووناک داهاتبێ، بتوانی تفەنگ لە نیشانە بگری.

هەڵبڕینگاندن: لە بارین وەستان.

ڕەوینەوە: ڕەوینەوەی هەور، نەمانی هەور.

بنەکەو: ئەو شوێنەی ڕاوکەر کەوی ڕاو و داوی لێ دادەنێ.

سەو و گورگی بەیانی: ئەوەندە ڕووناک بێ، شوان "سەگ و گورگ" لێک جودا بکاتەوە.

زەنگڵاو: ئەو دڵۆپە بارانانەی دوای بارین بەسەر پەلووکەی دارانەوە دەمێننەوە.

کەویە: ئەو پەڵە بەفرانەی بەهار و هاوینان لە کوێستانان دەمێننەوە.

هێوارەداو: کەو و داو دانانەوەی هێواران.

لێڕ، لێڕەوار: دارستانی دێمی خۆڕسک.

حەشارگە: جێی خۆ لێشاردنەوە.

خورەکەو: خوێندنی کەوان بەرانبەر یەکتری.

چڵوو: گەڵای داری بەڕوو و مازوو.

دێوە چڵوو: گەڵای داری بەڕوو مازووی لەسەر یەک دانراو، بۆ خواردنی ئاژەڵ لە زستاندا.

توربە: جانتای لە خوری و موو دروستکراو.

داروەکاز: عەسا.

ڕازەشاخ: ڕووبەری نێوان دوو دیواری بەردینی سروشتی لە شاخدا.

گەڕانگەر: دەوران دەور.

تەرس: پیسایی کەر.

سێ پلەقانێ: هەڵپەڕینی ناڕێکوپێک.

جەنگی مەغلۆبە: کینایەتە لەهەرا و زەنایەک کەس لە کەس حاڵی نەبێ.

پێکوەبوون: کە گۆڵە سەگ و دێڵە سەگ جووت دەبن دەڵێن پێکوە بوون.

ئاوردوو: سووتەمەنی.

کۆل: لێرەدا لوولەداری ئەستوور، مانای تریشی هەن.

هەرزاڵە: شوێنی تێدا هەڵگرتنی میوە بۆ زستان، بەگەڵای داربەڕوو و مازوو ڕێکی دەخەن.

تەوسکە: هەنجیری خۆڕسک، سروشتی.

هاوار بەر: ئاوازێکە بە شمشاڵ لێ دەدرێ و چیرۆکێکی خۆشی خۆشەویستی و ئەویندارى لەگەڵدایە.

بۆڕژان: بەنیوە خەوتوویی و چاو لەسەریەکدانان و چاوهەڵێنان و چاو بەرز و نەوی کردن.

ئەشکێڕ و چەقەڵ: شوێنی بەردەڵان لە شاخدا.

گۆڕین: شتێکی دیاری کراو.

بە شێنەیی: بە لەسەرخۆیی.

گەوڕە شاخ: شوێنێکی بەردینی ئاسۆیی، ڕاکشاو لە شاخدا.

بێ: تەغزیر: دیارە بێ (تقصیر) بووە کاتی خۆی، ئەوەی بە (جددی) کار بکا.

دەرە بەهار: سەرەتای بەهار.

مەسڵەت: ئاشت کردنەوە.